ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

44

25 ی ئەیلول/ سێپتێمبەر 2022

* نابێ ڕێگابدەین ئەم هێرش و پەلامارەی کۆنەپەرستان بێوەڵام تێپەڕێت! لاپەڕە ٩
* مەهسا ئەمینی" ژینا" قوربانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و نەریتی کۆنەپەرستی! ....................... لاپەڕە ١٠
* بڕیارنامەسەبارەت بە: دۆخی سیاسی کوردستان و سەرخەتی سیاسەت و ئەرکەکانی حزب ................. لاپەڕە ١١
* ڕەشنوسی یاسای کاری حکومەتی هەرێم، بە یاسایی کردنی بەتاڵانبردنی هێزی کار و ڕوتاندنەوەی کرێکارانە! ...... لاپەڕە ١٣



## ئێران لەبەردەرگای شۆڕشێکی دیکەدا!

موحسین کەریم

ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای لاوازیە سیاسی و ڕیکخراوەییەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و بەهاوکاری ووڵاتانی ڕۆژاوا لەسەر کورسی دەسەڵاتی ئێران دانیشت. دوای چوار دەیە خەڵکی ئێران خەریکن ئەو هێزە دژی شۆڕشەی لەناو بەرەی شۆڕشەوە سواری وەهمەکانی ئەوان بوو، بۆ ناو زبڵدانی مێژوو پاڵ پێوەدەنێن!

ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئازادیخوازو تامەزرۆی ژیانێکی باشتر، لەگۆشەو کەناری ئێران و بگرە هەندێ جار بەشێکی بەرینی ئەو ووڵاتەشی گرتۆتەوە، بەڵام خرۆشانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران پەیامێکی جیاوازی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە. پەیامی ڕاگەیانراوی خەڵکی ئێران لەبناغەوە دەرهێنانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیە لەو ووڵاتە.

ئەمجارەیان خەڵکی نارازی هوشیارتر و ڕیکخراوتر و ڕادیکاڵتر و بەشێوەیەکی سەراسەری هاتونەتە مەیدان، کە زۆربەی شارە گەورەو بچووکەکانی گرتۆتەوە و دەیانەوێ بارگەوبنەی ستەم و چەوساندنەوەی بۆرژوازی عەمامەلەسەر بۆ یەکجاری بپێچنەوە. ئەمجارەیان ژنانی بێمافکراو و چەوساوەی ژێردەستی یاسا کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان و لاوانی ستەملێکراو و پەراوێزخراو پێشەنگی خەڵکی نارازین و بە جەسارەتێکی بێوێنەوە ڕوبەرووی هێزە سەرکوتگەرەکانی پاسدارو بەسیجی دەبنەوە. ئەمجارەیان شەقامی شارەکان بۆ بەکرێگیراوانی ڕژێم بوەتە شوێنێکی نائارام و ترسناک و

بۆ لاپەڕە ٢



## ئایا حکومەتی تەوافقی لەعێراقدا پێکدێتەوە؟

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## کێ دەبێ بدرێتە دادگا: کچەکەی کەژاڵ یان مونیرە عەبدولعەزیز!؟

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە ٤



## ناسیونالیزمی کورد و مەهسا ئەمینی و خرۆشانی جەماوەری...

عبدلله محمود

بۆ لاپەڕە ٦



## ئیسلامی سیاسی بانگەشەی لەشفرۆشی دەکات!

مستافا باهیر

بۆ لاپەڕە ٨

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی...... ئێران لەبەردەرگای شۆڕشێکی دیکەدا!

بەدەست لاوانی شۆڕشگێڕەوە کونەمشکیان لێبوە بەقەیسەری! پریسکی کڵپەسەندنی ئەم خرۆشانە جەماوەریە سەراسەریە کوشتنی دڕندانەو بەربەریانەی ژینا ئەمینی بوو لەلایەن تیرۆریستانی " گەشتی ئێرشاد!"ی رژێمی دڕندەی ئیسلامی ئێرانەوە. بەڵام ئەم روداوە تەنها رووداوێکی کوشتن و تیرۆری ڕاگوزەر نەبوو! ئەم تاوانە لەکاتێکدا رویدا کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران و ژنان و لاوان لەژێرباری بێکاری و هەژاری و برسێتی و گرانی و نەبوونی هیچ تروسکاییەکی ئازادیدا دەناڵێنن و تەنها چاوەڕێی ئەوەبوون فرسەتێک بەدەست بهێنن تا هەموو رقوتورەیی دەیان ساڵەی خۆیان بەسەر ئەم رژێمە هارو بێهەوسارەی بۆرژوازیدا ببارێنن. خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران هەستیارترین رەمزی دەسەڵاتی سەرکوتگەری رژێم و بێمافی واتە؛ "حجابی ئیسلامی" یان نیشانەگرتوە. رژێمی بۆرژوا ئیسلامی ئێران سەپاندنی حجاب و بێبەشکردنی ژنان لە هەرجۆرە ماف و ئازادیەکی فەردی وەکو بنەمای بەردەوامبوونی رژێمەکەی تەماشادەکات. ئەم خرۆشانە فراوانە جەماوەریە دژی کوشتنی ژینا ئەمینی و حجابی ئیسلامی رێک نیشانەگرتنە لە بناغەی رژێمی ئیسلامی و زۆری نەخایاند کە خۆپیشاندانەکانی دژی کوشتنی ژینا بوە خۆپیشاندان و خرۆشان دژی سەرجەم بونیانی جمهوری ئیسلامی و شەڕی دەستەویەخەی سەرجادەیی نێوان خەڵکی ڕاپەڕیوو بەکرێگیراوانی رژێم! ئەم خرۆشانە جەماوەریە دەستپێکی شۆڕشێکی دیکەیە کە ئامانجەکەی تەواوکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانە. بەڵام دیسانەوە مەترسیەکانی بەردەمی کەم نین. ئەم شۆڕشە ئەگەر زیاتر رێکخراو نەبێت و نەبێتە خاوەنی ئامانجێکی سیاسی روون و پێشرەوانە و لەلایەن هێزە کۆمۆنیستەکانەوە ڕابەری نەکرێ، ئەگەری ئەوەی هەیە کە نەتوانێ هاوسەنگی هێز لەدژی رژێم بەتەواوی بگۆڕێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. وەکو باوکی یەکێک لە گیانبەختکردوانی خۆپیشاندانەکان ووتی دەبێ ئەم کارە تەواوبکرێ! ڕاستیەکەی دەبێ ئەوکارە تەواوبکرێ و لەنیوەرێگادا جێنەهێڵرێت! دەبێ ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە تا تەواوکردنی رژێمی ئیسلامی بەردەوام بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو مەترسیەش کەم نیە کە هێزو رەوتە بورژواییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەناوی شۆڕشەوە زیان بەشۆڕش بگەیەنن، بە گرتنەبەری تاکتیکی هەڵە و نادروست موجازەفە بە شۆڕش و ڕاپەرینەوە بکەن و فرسەتی سەرکوتکردنی بدەنە دەست رژێمی ئیسلامی. یاخود خۆیان بکەنە میراتگری شۆڕش و دیسانەوە سیناریۆی ڕژێمی ئیسلامی دوبارە بێتەوە لە ئێران! ئەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە لەسەر شانی کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاری لەئێران. روخانی رژێمی ئیسلامی ئێران، هەروەکو چۆن هاتنەسەر دەسەڵاتی کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر سەرهەڵدان و ژیاندنەوەی رەوت و دەستو تاقمە ئیسلامیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، روخاندنەکەشی بەهەمان ئەندازە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاوابوونی خۆری هەموو ئەو بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیانەو بارێکی گرانیش لەسەر شانی بزوتنەوە پێشکەوتنخوازو یەکسانیخوازو کرێکاریەکان و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە سووک دەکات. هەربۆیە خرۆشان و ڕاپەڕینی ئەم رۆژانەی ئێران بەوڕادەیە جێگای ئومێدو هاوکاتیش پشتیوانی سەرجەم بەرەی یەکسانیخواز و ئازادیخوازی ناوچەکەو بگرە جیهانیشە. خەڵکی عێراق و کوردستان، کەمتر لە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئێران، لە روخانی رژێمی ئیسلامی بەهرەمەند نابن. نەخشی وێرانکەرو خراپەکارانەی رژێمی ئیسلامی ئێران لە عێراق و کوردستاندا لەماوەی دوو سێ دەیەی رابردوودا بەئاشکرا دەبینرێ. هەرچی جروجانەوەری ئیسلامی دژە ئینسانیە لەلایەن ئەو رژێمەوە بەردرایە گیانی خەڵک و ئەوەندەی پێیان کرا لەدژایەتیکردنی رەوت و بزوتنەوە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستیەکان و ژنان و کەسایەتیە مەدەنی و ئازادیخوازەکان درێغیان نەکرد. نەک هەر لەرێگای تاقمە ئیسلامیەکانەوە، بەڵکو لەرێگای حزبە دەسەڵاتدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیشەوە کە هەمیشە وەکو خزمەتکاری رژێمی ئیسلامی ئێران هەڵسوکەوتیان کردوە، کوردستانیان دەیان هەنگاو بەرەو دواوە گێڕایەوەو نەریت و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو دژە ژن و دژە ئازادی و دواکەوتوانەیان بەسەر خەڵکدا سەپاند.

ئەو خرۆشانەی لەئێراندا دەستی پێکردوە، هەر بەو بەڵگەیە دەبێت جێگای پشتیوانی بێدرێغی کرێکاران و ژنان و لاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستانی عێراق بێت. دەبێ بەهەموو شێوەیەک لەپاڵیاندا ڕابوەستین و جێیان نەهێڵین! چونکە روخانی رژێمی ئیسلامی ئێران راستەوخۆ بارێکی گران لەسەر شانی خەباتی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کرێکاران و ژنان و لاوانی کوردستان وسەرجەم خەڵکی زەحمەتکێش و بێمافکراوی کوردستانیش لادەبات و هەنگاوەکانیان بەرەو ئازادی و یەکسانی خێراتر دەبێت. ژنان و پیاوانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی لە کوردستانی عێراق دەبێت لەهەموو کەس زیاتر پشتیوانی خەڵکی نارازی و شۆڕشگێڕی ئێران بکەن کە رەمزی کۆیلایەتی و بێمافی و ژێردەستەیی ژنانیان لەژێر پێناوە کردویانەتە سیمبوڵی شۆڕشەکەیان دژی نایەکسانی و بێمافی و لەپێناو ئازادیدا.

# ئایا حکومەتی تەوافقی لە عێراقدا پێکدێتەوە؟

عوسمان حاجی مارف

ئەو هێزە بورجوازیە سیاسیانەی لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی و تائفی و قەومی لە ساڵی ٢٠٠٣ وەک هێزی میلیشیا هێمای پێکهێنانی حکومەتی عێراق بوون، دوای نزیک بە بیست ساڵ لە بەردەم قەیرانی بەردەوام و دوبارە پێکهێنانەوەی هەمان شێوازو بنەما بۆ پێکهێنانی حکومەت قەتیس ماون. نزیک بە تێپەڕینی ساڵێک لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە نێو دۆخێکی ئاڵۆزدا خولقێنەری فەزایەکی بارگرژی زیاترو پێکدادان و شەڕی نێوان خۆیان بون. ئێستاش پاش هەڵکردنی ئاڵای سپی بۆ راگرتنی شەڕەکانیان، خەریکی دانوسان و گفتوگۆی بێ دەستکەوت و پاشەکشەو دوبارەو چەندبارەبونەوەی دانوسانن، لە ناو بازنەیەکی داخراوی دانوسان و پاشەکشەو هەرەشە لەیەکتر دەسورێنەوە.

بەهەر لێکدانەوەیەک بۆ ئەو پێشهاتانەی لەسایەی ململانێی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکەدا بۆ روداوی هەر ئاڵوگۆڕێک لە عێراقدا پێشبینی دەکرێت، ئەم هێزە سیاسیانە وەک هێزی میلیشیاو تاڵانچی و گەندەڵ و دژبەیەک، ناتوانن مەرجی گونجاندنی بەرێوەبردنی دۆخێکی تر بن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک گەر لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا پێش بێت، بە جیا لەوەی بەهیچ شێوەیەک وەڵامدەرەوەی خواستی جەماوەری ناڕازی نیەو ئەهلی چاکسازیش نین، لەهەمان کاتدا ئەو پێگەیەشیان لەدەستداوە کە بتوانن پێکهێنەری حکومەتێک بن بەوێست و خواستی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە بێت. ئەم حاڵەتە فاکتەرێکی جدیە بۆ ئەو قەیرانەی کەئەم هێزە سیاسیانەی لە چاوەڕوانیدا راگرتووەو ناتوانن پرۆسەی رێکەوتنی نێوانیان تێپەڕێنن.

ڕۆژانە ئەو هەواڵانەمان پێدەگات بەجیا لەهەر گفتوگۆو نادروستی و ناجێگیری لە لێداونەکانیانداو رێکنەکەوتنی نێوانیان، خەریکی شکاندن و ریسواکردنی یەکترو پلانگێرین لە بەرامبەر یەکتردا. دۆخێکی وەها ناڵەباریان لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا بەرهەم هێناوە کە کۆتاییەکەی نادیارە ئەم ململانێیەی نێوانیان بە کام ئاراستەدا دەڕوات و بە قازانجی کام لایان تەواو دەبێت. زیاتر لەسەر مێزی قومار دەچێت کە جگە لە پێگەو بەخت، فروفێڵیش لەگەمەکانی نێوانیاندا بە ئاشکرا دەور دەبینێت، کە لە ئایندەی هەر ئاڵوگۆڕێکدا،ئاخۆ کێ بە وەرەقەی کۆتایی براوە دەبێت، بۆتە مەتەڵێکی وەها نەزانراو کە بۆ خۆشیان بێ وەڵامە.

چارەنوسێک لە گێژاو ناجێگیری سیاسی کە چەندین ساڵە بەشێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی عێراق داگیرکردووە، ئەتوانم بڵێم بەوێنەی تاوانێکە بە هیچ جۆرێک قابلی لێخۆشبوون نیە بۆ ئەو لایەنانەی کە هۆکاری ئەم دیاردە نائینسانی و کارەساتبارەن. گەر هۆکاری ئەسڵی ئەم وێرانکاریە بە دەوروردەخاڵەتی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوکارانی پێشهاتبێت، ئەوە هاوبەشی ئەو هێزە سیاسیانەی عێراق و کوردستانیش کە ئایندەی سیاسی خۆیان بەستەوە بە دەوری وێرانکاری دەوڵەتی ئەمریکاو پاشکۆ بون بۆ نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا، لە وێنەی هەمان ئەو تاوانانەیە کە وێنای هاوبەشە لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدا.

دەورانێک بەدوای تێپەڕبونی ئەزمونی نزیک بە بیست ساڵ لە حکومڕانی هێزە میلیشیاکان و ساڵێکیش دوای هەڵبژاردن و قەیرانی حکومەت، نیشاندانی دەورانێکە کە لەلایەک فرسەتی رێکەوتن بۆ دوبارەکردنەوەی پێکهێنانی هەمان حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنە بە رێکەوتنی تەواوی ئەو هێزە میلیشیا تائفی و نەتەوە پەرستانەی کە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا لەمەیدانی سیاسی عێراقدا هێمای ئەوپەڕی تاڵانچێتی و جەردەیی بون تەواو بەرتەسک بۆتەوە، بەمانایەک زەحمەتە بتوانن حکومەتێک پێک بهێنن بە ئارامی و ئاسودەیی لەسەر کورسی دەسەڵات دابنیشن. گەر لەلایەکی ترەوە ئەوە رۆشن بێت کە ناتوانن هەمان حکومەتی تەوافقی پێشویان دوبارە بکەنەوە، پێکهێنانی حکومەت بە هیچ یەک لەو هێزانە وەک تاکە هێزێکیش ئمکانیان نیەو لە توانایاندا نیە، چونکەو پێگەی هیچ لایەنێکیان لەو ئاستەدا نیە تا بەهەرجۆرێک بیانەوێت بیسەلمێنن یەکلایەنە ئەتوانن بەدوای پێکهێنانی حکومەتەوە بن. بەڵکو نەک هیچ لایەنێکیان سەرکەوتو نابێت، شکست و ریسوابونیشیان مسۆگەر دەکەن. هەربۆیە ئەم باروودۆخە لەسەر قەیرانی حکومەت بواری ئەوەشی نەهێشتۆتەوە کە مانایەک بە نەخشەی کودەتا ببەخشێت، ئەو هەواڵانەش کە پێمان دەگات سەبارەت بەوەی گوایە لایەنێک هەوڵی کودەتای دابێت، بەگوێرەی ئەو لێکدانەوەیەی هەمانە لەسەر پێگەو واقیعەتی هەر یەک لەو هێزە میلیشیا پەرپوتانە بۆ پێکهێنانی حکومەت، باسی کودەتاو هەوڵ بۆ کودەتا جگە لە هەواڵێکی ریکلامی هیچ مانایەکی تری نیە.

گەر چەند جار باسی ئەوەمان کردبێت کە کێشمەکێش و دەخاڵەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە رۆڵێکی سەرەکیان لە سەر بارگرژی و نائارامی سیاسی لە ناوچەکەو عێراقدا دیبێت، یاخود ئێرانیش بەدەوری خۆی لەو بوارەدا رۆڵێکی تایبەت و تەواو تێکدەرو کارەساتباری بوبێت، لە ئێستادا ئەو هەلومەرجەی لە

نارەزایەتی فراوانی شەقامی شارەکانی ئێراندا بە دژی کۆماری ئیسلامی بەرێکەوتووەو دەنگێکی جیهانی داوەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە هاوکێشەی سیاسی بۆ کاریگەری لەسەر دۆخی عێراق بە ئاراستەیەکی تردا بەرێت، بەتایبەتی کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاستی لاواز بونی پێگەی ئەو هێزە شیعانە دادەنێت کە پاشکۆی نەخشەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، ئەم حاڵەتەش لە دۆخی سیاسی ئێستای عێراقدا بۆ ئەو هێزانە کاتێکی زیاتری دەوێت تا رۆڵی کێشمەکێشی هێزە میلیشاکانی سەربەئێران و رەقیبەکانیان بتوانن پێناسەیەکی تازەتر بدەن بەو ئاڵوگۆڕانەی کە رووداوەکان و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازانی ئێران دەیخولقێنن. بەمانایەک دۆخێکی لەو چەشنە نەک نزیک نابێتەوە بە ئاراستەی وەڵام بە کۆتایی قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت لە عێراقدا، بەڵکو ئەگەری ئەوە زیاترە کە ئەو قەیرانە ئاڵۆزترو نالەبارتر ببێت، لەهەمانکاتدا پکهێنانی حکومەتەکەیان بە ئاییندەیەکی نادیارتر دەسپێردرێت.

مەبەستم ئەوەیە ئەم دۆخی خرۆشانە جەماوەریەی ئێران، دوو ئەگەر دەخاتە بەردەم ئەو هێزانەی بە پشتیوانی و دەوری کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکانیان پیادە دەکەن. ئەگەری یەکەم روخانی کۆماری ئیسلامیە یا لاوازبونی کۆماری ئیسلامی بە پاشەکشە پێکردنی و بە ملکەچ بونی لەبەردەم خواستەکانی ژنانی ئازادیخوازدا، ئەم ئەگەرە بواری دەخالەتەکانی ئێران زۆر بەرتەسکتر دەکاتەوە، هێزە میلیشیاکانی عێراقیش کە پاشکۆی ئێرانن ئاستی پێگەیان لە پێکهێنانی حکومەتدا، لەبەردەم قەیرانێکی قوڵتردا خۆیان دەبیننەوە. ئەگەری دووەم خۆراگری کۆماری ئیسلامیە لەبەرامبەر ئەم خرۆشانە جەماوەریەدا، ئەم خۆراگریەش وا بەئاسانی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا تێناپەرێت و زۆر لەسەری دەکەوێت، گەر ئاستی توندوتیژیەکانیشی فراونکاتەوەو شەقامی شارەکانی ئێران خوێناوی بکات، لەم حاڵەتەشدا ئەگەری ئەوە زۆرە کە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بۆ هێزە میلیشیاکانی خۆی لە عێراقدا بکەوێتە ژێر پرسیارەوەو نەتوانێ دەخالەت بکات.

بەگشتی لە هەر لایەکەوە بروانینە قەیرانی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا لە سایەی ئەم هێزە میلیشیایانەداو هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکە،هیچ دەرگایەکی کراوە بەدی ناکرێت تا ئەو هێزانەی خۆیان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئێستادا دەناسنەوە بتوانن بە ئاسانی ئەو قەیرانە تێپەرێنن و جارێکی تر ناتوانن حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنەکەی جارانیان دامەزرێننەوە، یا ئمکانی ئەوەیان نەماوەو نیە بتوانن بەم زوانە دەرگایەک بۆ تێپەراندنی ئەو قەیرانەیان بکەنەوە.

بۆیە لەم نێوەدا دەمێنێتەوە سەر دەوری جەماوەری نارازی عێراق، کە چۆن گەشە و پێشرەوی زیاتر دەبەخشن بە ئەزمونی نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەر.لە ئێستادا پەیوەستبون بەنارەزایەتیەکان و خرۆشانە جەماوەریەکانی ئێران و بەرگری تەواو لە ژنانی ئازادیخوازی ئێران و هاتنە مەیدانی ریزێکی بەرین لە ژنانی ئازادیخوازی عێراق، ئەتوانێ کاریگەری گەورە لەسەر نەخشەی ناوچەکە دابنێت و ئاسۆیەکی ترو دەرگایەکی تر بەرووی دانیشتوانی ناوچەکەدا بۆ ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی بکاتەوە.

★

# کێ دەبێ بدرێتە دادگا:
# کچەکەی کەژاڵ یان مونیرە عەبدولعەزیز!؟

## دەشتی جەمال

بەدوای لێدوانێکی نەغەدەعوسمان (کچەکەی کەژاڵ) بۆ "کات پرێس" لەخۆپیشاندانێکدا لەشاری سلێمانی بۆ پشتیوانی لەجەماوەری راپەریوی ئێران و ئیدانەکردنی تیرۆری "ژینا ئەمینی"و پۆشینی حیجاب، مونیرە عەلی عەبدولعەزیز خێرا لە تورە کۆمەڵایەتییەکان هێرشێکی تەشهیر ئامیزی کردە سەر لێدوانی کچەکەی کەژاڵ و گوایە "سەرپۆش موقەدەساتمانە و سبەی سکاڵا تۆماردەکەین، دەبێت ئەوەی ئەو ناماقوڵیەی کرد سزا بدرێت".

مونیرە عەبدولعەزیز و رەوتەکەی کە هەمیشە لە کەمینداں بەرامبەر بە خەڵکی بەئاگا و مۆدرێن و ئاشنا بەزانست و شارستانییەت و رووی راستەقینەی خۆیان نیشان ئەدەن بەدژی ئازادی بیرورا و رەخنەگرتن و ئازادی جلوبەرگ پۆشین، دەکەونە هەرەشە و چاوسوورکردنەوە لەدژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی تاکەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەوەی کە مونیرە عەبدولعەزیزی تووشی هستریا کردوە بەتەنها لێدوانەکەی کچەکەی کەژاڵ نیە لەسەر حیجاب و کۆت و ئەسارەتێک کە لەسەری ژنان دەکرێت، بەڵکو ترس و دڵەراوکێیە لە هەستانی بورکانی نەفرەت و نارەزایەتییە رادیکاڵانەیە کە ئەمرۆ لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئێران دژ بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران دەستی پێکردوە. بە ئاوابوونی رژێمی

ئیسلامی ئێران، ڕەوت و گرووپە ئیسلامییەکان لەتەواوی ناوچەکە گورزی کاریگەریان بەردەکەوێت و خەبات بە دژی زەبروزەنگ و سەرکوت، دژی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی داسەپاو، دژی نابەرابەری و بێمافی و سەرکوتی ئازادی پێدەگرێت.

کچەکەی کەژاڵ نوێنەرایەتی ڕەوتێک دەکات کە لە سەنگەری پێشەوەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی ژنان وەک خەبات لەدژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوونی ئەخلاقیاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، ڕاوەستاوە. ئەندامی حزبێکی سیاسییە کە لەپێناو یەکسانی تەواو و بێقەید و شەرتی ژنان و پیاوان تێدەکۆشێت و دژی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەن کە لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی بێ قەیدوشەرتی ژنان و پیاواندا نایەتەوە، بەرگریکاری سەرسەختی ڕەخنە و ڕەخنەگرتنە لەهەموو لایەنە سیاسی، کەلتوری و ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، دژ بە هەر یاسایەکە کە لەژێر ناوی موقەدەساتی نیشتیمان و دینی، ئازادییەکانی تاک بەرتەسک و سنووردار دەکات. بەڵام مونیرە عەبدولعەزیزەکان نوێنەرایەتی ڕەوتێک دەکەن کە دوژمنایەتی سەرسەختیان لەگەڵ ژنان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەیە، کە دەیانەوێت ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی و پلەدوویی بە قێزەونترین شێوە لە کۆمەڵگادا بمێنێتەوە، بەرگری لە مانەوەی سیستەمێک دەکەن کە نایەکسانی بینا کردووە، کە جیۆشوێنی بۆ ژنان و پیاوان دیاریکردوە بە دانی ئیمتیازی گەورە بە پیاوان و لە وەرەسە و، تەلاق و سەرپەرشتیکردنی منداڵ و فرەژنی و دیاریکردنی مافەکان بەپێی شەریعەت و پاراستنی دابونەریتە کۆنەکان،... لەکۆمەڵگادا باڵادەست بێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ڕەوتێک کە مونیرەکان بانگەوازی بۆ دەکەن دەیانەوێت بیکەنە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگای کوردستان، ئەوەتا ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران بەدرێژایی چوار دەهە لە دەسەڵاتدا پەیڕەوی کردوە، وەک ڕژێمی دژەژن لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لەشوێنی کار و ژیان و شوێنە گشتییەکاندا چەوساندنەوەی ژنانی لە ئاشکراترین و بێپەردەترین ئاستدا ئەنجامداوە، چلوچوار ساڵە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی لەهەوڵدایە بۆ داسەپاندنی یاساکانی ئیسلامی و هەڵاواردنی جنسی و دوورخستنەوەی ژنان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و ناردنەوەیان بۆ ماڵداری، داسەپاندنی بیروبۆچوونی دواکەتوانە و دژەژن و بیروبۆچوون و داب و نەریتی کۆنەپەرستانە و برەودان بە پیاوسالاری، لەهەوڵدابووە بیروبۆچوونی دژەژنان بکاتە بیروبۆچوونی جەماوەری خەڵکی ئێران و لەو چوارچێوەیەدا ژن بکاتە ئینسانێکی دەرەجە دوو، وە لەخوار پیاوەوە دایان بنێت. وە ژنان بکاتە کالایەکی جنسی بۆ ئارەزووی پیاوان. بەم شێوەیە تەواوی هەوڵی بۆ ئەوە بووە ژنان لە هەموو مافێک مەحروم بکات و حیجابی ئیجباری بکاتە ملکەچ پێکردنی زۆرە ملێی ژنان،... هەموو ئەمانە کارنامەیەکی ڕەشی ئەم ڕەوتە ژەنگگرتووەی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران و پارێزەرانی سەردەمە تاریکەکان بوون کە لە ڕیزی پێشەوەی ڕژێمە دژەژنەکان، کۆماری ئیسلامی ئێرانی و ئەو ڕەوتانەی پێ دەناسرێتەوە کە ئەمڕۆ مونیرە عەبدولعەزیزەکان هەرەشەی سزادان لە ڕەوتی پێشکەتووخوازی کۆمەڵگای کوردستانی پێ دەکەن.

کچەکەی کەژاڵ کاتێک بۆ ئیدانەو ڕیسواکردنی تاوانی جمهوری ئیسلامی ئێران و کوشتنی ژینا ئەمینی قسەی کردوە و پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی لەخەڵکی شارەکانی ئێران دەربڕیوە، بەڵام ئەوە مونیرە عەبدولعەزیز و هاوئاوازەکانیەتی کە بێدەنگن لەئاست ئەم تاوانەدا و بگرە بە هەڕەشەی سکاڵاتۆمارکردن لەسەر کەسانێک کە دژی حجابی زۆرە ملێن و پشتیوانی لە خرۆشانی خەڵکی ئێران دەکەن خۆی و چارەنوسی خۆی بەو ڕژێمە درندەو دژە ژنەوە گرێداوەتەوە!

بەم هەموو ڕاستیانەوە دەپرسین کەکێ دەبێت بدرێت بەدادگا؟ کەسێک کە لەدژی کوشتنی ژنان و بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادیە فەردییەکان یان ئەو کەسەی بە هەڕەشە و زمانی زبر و بە ڕاوەستانی لەپاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تاوانەکانی ڕاوەستاوە؟ من دڵنیام خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەمیشە لە کەنار ئازادی و ئینسانیەت و مافەکانی ژناندا ڕادەوەستێت نەک کۆنەپەرستان.

٢٤/٩/٢٠٢٢

**دەستەو تاقمەکانی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لەداوێنی ڕژێمی دژە ئینسانی و بۆرژوا ئیسلامیی ئێراندا لەدایکبوون، بەهاوکاری ئەو ڕژێمەو موجامەلەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردایەتی، دەورێکی تێکدەرانەیان گێڕاوە بۆ بەرەوپاشەوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان. بە لەقولۆقبوونی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەژێر زەبری خرۆشانی جەماوەری ئێراندا بەرەی ژێر پێیان چۆڵ دەبێت و ڕەوتی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی کۆمەڵگای کوردستان دەیانخەنە کەنارەوە!**

# ناسیونالیزمی کورد و مەهسا ئەمینی و خرۆشانی جەماوەری...

**عبدلله محمود**

دوای ئەوەی مەهسا ئەمینی لەژێر شکەنجەی جەلادەکانی دەسەڵاتی ئێران بەهۆکاری پەیڕەونەکردنی حجابی ئیسلامی گیانی بەختکرد، جەماوەری نارازی ئێران لەناو دڵی بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا، خرۆشانێکی بەرینی کۆمەڵایەتیان وەرێخست کە زۆر زوو سەراسەری ئێرانی گرتەوە.

ئەم خرۆشانە جەماوەرییە، چەخماغەدانەکەی شکەنجەو مەرگی مەهسا بوو، بەڵام هۆکاریی بەرینبوونەوە و پەلهاویشتنی بۆ دەیان شاری ئێران، ریشەی لە نەفرەت و نارەزایەتی بەرینی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشدا بوو، بەدژی بێکاری و گرانی و سەرکوت و بێمافی و سەرجەم دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی.

ئەم بزوتنەوەیە هیچ مۆرکێکی جوغرافی پێوە نییە و پەیوەست نییە، بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و کوردبوونەوە. مەهسا ئەمینی لەسەر داخوازی چارەسەری کێشەی کورد، یان دەنگ هەڵبڕینی بەدژی مافی خەڵکی کوردستان سزای ئیسلامی نەدراوەو گیانی بەخت نەکردووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی وەکو ژنێک بەپێی ویستی ئاخوندەکانی ئێران و "پۆلیسی مۆراڵ"ی خاڵی لەهەر مۆراڵێک، حجابی نەکردووەو بۆتە قوربانی.

پرسی ژن و حجاب و جلوبەرگی ئیسلامی، لەگەڵ هاتنەسەر کاری دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیەوە دەستی پێکردووە. ژنان و مافەکانیان و پرسی جلوبەرگی ئیسلامی بۆتە مەیدانێکی بەرامبەرکێییەکی نەپساوەی نێوان دەسەڵات و ژنان و بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان.

پێچانەوەی پرسی مەهسا ئەمینی بە پرسی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە، بەکەم گرتن و هێنانەخوارەوەی بزوتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازی ئێران بەگشتی و بزوتنەوەی نارەزایەتی ژنانە بەتایبەتی و دابڕ دابڕکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستانە دژی ستەم و نەبونی ئازادی و هەژاری و بێمافی لەو بزوتنەوە سەراسەریەی لەئێراندا بەرێکەوتوە دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی!

ناسیونالیزمی کورد، بەکردەوە نیشانیداوە ناکۆکی چارەهەڵنەگری لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان هەیە، و دەسەڵاتەکەشی لە کوردستانی عێراقدا، بە بەڵگەوە ئەم دژایەتییەی بەرجەستە کردۆتەوە. چوونە پشت فرە ژنی، تیرۆری بێپسانەوەی ژنان بە پاساوی شەرەف و ئازادبوونی بکوژانی، بوونی گۆرستانی بێناو نیشانی ژنان، دەستگرتن بە شەرع" قورئان و حەدیس" کردنی بە سەرچاوەی یاساکان، تێکەڵکردنی دین لەگەڵ خوێندن و پەروەردە. دانانی وەزارەتی ئەوقاف و جڵەوشلکردن بۆ هەزاران مەلای کۆنەپەرست کە بەئارەزوی خۆیان ژەهراو برێژن و هێرش بکەنە سەر هەموو لایەنێکی ژیانی تایبەتی و گشتی ژنان و فتواداں لەسەر هەڵسوکەوت و مامەڵەیان. تا دەگاتە دەرگا خستنە سەر پشت و فەرشی سور داخستن بۆ رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکان و هاوکاری کردنیان. هاوکات دەروازە خستنە سەر پشت بۆیان تا بە کۆمەک و هاوکاری وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە پرۆژەی بەردەوامی حجابی ژنان لەژێر ناوی "تاجی زێرین" پێشبرکێی "بەهای فەرموودە" بۆ لەبەرکردنی قورئان... و دەیان رێگەی تر لەرێگای کەڵکوەرگرتن لە برسێتی و گرانی و بێموچەیی و بۆ ئەوەی ژنان و کچان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و پرسی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە پەرەپێبدەن... ئەمانە هەموویان بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی مامەڵەی بزوتنەوەی کوردایەتییە لەگەڵ ژنان و مافەکانیان. بەمجۆرە ناسیونالیزمی کورد چەندەش بکۆشیت و هەوڵبدات، ناتوانێت خۆی بەپرسی ژنان و مافەکانیان هەڵبواسێت. ژن چ لە کوردستان و چ لە ئێران و چ لەهەر جێگایەکی تری دنیا بێت، ناسیونالیزمی کورد، لەدەسەڵاتدا بیت یان ئۆپۆزیسیۆن، کێشەی ژن بۆی کێشەیەک نییەو لەوەش زیاتر پایەکی سەرەکی ناسیونالیزم پیاوسالاری و بەرگری لە شەرەف پارێزی و دژایەتی ژنان و مافەکانیانە.

شانازیکردنی حزبە ناسیونالیستەکان و نووسەر و رۆشنبیرە مۆڵەپێدراوەکانیان، بە راسانی جەماوەری لە کوردستانی ئێراندا و گریدانی ئەم نارەزایەتییە بە پرسی نەتەوەیی و بەکوردی کردنی ئەم بزوتنەوە سەراسەرییە، ماهیەتی کۆنەپەرستانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و دژایەتی سەرسەختانەی بۆ بزوتنەوەی شۆرشگێرانەو ئازادیخوازانە لە ئێراندا، دەخاتە روو.

ئەو بزوتنەوە نارەزایەتییەی سەراسەری کوردستان و

**بەهەرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاسایەکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

ئێرانی لەیەک کاتدا گرتۆتەوە، ریشەی لە هاوخەباتی و هاوچارەنووسی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدایە، بەدژی نیزامێک کە دژایەتی چارهەڵنەگری لەگەڵ هەموو ئازادی و ئازادیخوازییەک هەیە، لەسەراسەری ئێراندا. هێرش بۆسەر ژنان لەلایەن دەسەڵاتی ئاخوندەکانەوە، هیچ جغرافیایەک ناناسێت و پەیرەوی نەکردن لە حجابی ئیسلامی، لە هێڵە سورەکانی دەسەڵاتی ئاخونەکاندایە.

لە کەیسی مەهسا ئەمینیدا، ناسیونالیزمی کورد، دەیانەوێت بە هەڵوەراندنی فرمێسکی درۆینە خۆیان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بزوتنەوەی "نا" وتنی ژنان، بە حجاب و بێ مافی ئافرەتانەوە گرێ بدەن، بەڵام نەک بەوێنەی بزوتنەوەیەکی سەراسەری ژنان لەدژی حجاب و بێمافیەکانیان لە ئاستی سەراسەری ئێراندا، بەڵکو بە وێنەی نارەزایەتی بە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی کە تائیستا ئامادە نییە بەشداری دەسەڵاتیان بۆ بەفەرمی بناسێت. وە نە بەوێنەی بەرگری لە مافی ژنان وەکو مافێکی حاشاهەڵنەگری ئینسانی ژن، بەڵکو بە وێنەی بەرگری لە "ژن"ی کورد، خۆیان نمایش دەکەن. دەیانەوێت بزوتنەوەی سەراسەری ئێستای ژنان لەناو بزوتنەوەیەی سەراسەری جەماوەری بێبەشی ئێراندا، لە قاڵبی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، پێش چاو بخەن و چاو لە ئاست ئەم بزوتنەوە سەراسەری و لێک هەڵپێکراوەی ئێران و کوردستاندا، دابخەن.

گومان هەڵنەگرە، کوشتنی مەهسا ئەمینی، بووە هۆی چەخماغەدانی بزوتنەوەیەکی فراوانتر لە پرسی ژنان. نارەزایەتی بە حجاب و بێمافی ژنان، تەنها گۆشەیەکە لە بزوتنەوەیەکی فراوانتر بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی رەشی چەند دەهەی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێرانە. بەتایبەتی کە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێران و پرسی ستەمکێشی و بێمافی ژنان، دوانەیەکی بەیەکەوە گرێدراون و کۆتایی هێنانیش بە حجاب و ستەمکیشی ژن، لە گرەوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدایە.

تورەیی و نەفرەتی رۆژ لەرۆژ لەپێشی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لەسەراسەری ئێران، سەرچاوەی بەرینبوونەوەی نارەزایەتیەکانی ئێستا بە کوشتنی مەهسا ئەمینی و بێمافیەکانی ژنان و حجابی ئیسلامییە کە رەمزی کۆیلەتی و بێمافی ژنانە. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە سیاسیەکانی ئەگەر لەژێر گوشار و بەرینبوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتیدا بە دژی کوشتنی مەهسا و بەدژی سەراپای دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، ناچارن بەرگی پشتیوانی لەم بزوتنەوەیە بکەنە بەری خۆیان، بەڵام لە دنیای واقعیدا نیگەران و هەراسانی هاتنە مەیدانی ئەم بزوتنەوە جەماوەری و ئازادیخوازانەیەن، کە ژنان و بەرەی چەپ و ئازادیخوازی کۆمەڵگەی ئیران، وەرێیان خستووە. هەر ئەوەشە وایکردووە، لەناو ئەو بزوتنەوە فراوانە کۆمەڵایەتییە سەراسەریەدا، تەنها کوردستان و" رۆژهەڵات" بەرجەستە بکەن و هۆکاری کوشتنی مەهسا ئەمینیش، ببەستنەوە بە پرسی سیاسی و نەتەوەیی و دوور لە کیشەی ژن و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە سەراسەری لەئیراندا.

ئەم بزوتنەوە و راپەرینەی ئێستای ئیران، گۆشەیەکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتی و تەکانێکی ترە لە راستای خاراوبوون و پێشرەوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی و ئەم تەکانەش دەتوانێت هەم گورزێکی تر بدات لەدەسەڵاتی ئاخوندەکان و هەم باڵانسی هێز بەسودی خەڵکی نارازی ئیران لە بەرامبەر بە جمهوری ئیسلامیدا بگۆرێت. لەوەش زیاتر ئەم بزوتنەوەیە هەرئیستا بۆتە مایەی ئیلهام بەخشین بەبزوتنەوە رادیکاڵ و شورشگیرانەکان، لە وڵاتانی ناوچەکەداو رەوت و هیزە بۆرژوازییەکان بەگشتی و رەوت و هیزە ئیسلامیەکانی بەتایبەتی خستۆتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە.

هەر هێزو لایەنێکی سیاسی ناسیونالیست، یان رەوتە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان، بەهەر جۆرێک بیانەوێت، لەگرنگی ئەم بزوتنەوەیە کەم بکەنەوە یان دژایەتی بکەن، پێویستە کارنامەیان بەوێنەی سەنەدی دژە شۆرش و دژە ژن و دژە ئازادییەکان، بخرێتەوە روو.

کۆتایی سێبتەمبەری ٢٠٢٢

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی
حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# ئیسلامی سیاسی بانگەشەی لەشفرۆشی دەکات!

**مستافا باهیر**

ئاخوندەکانی ئێران، لەسەر دەرکەوتنی تاڵەقژێک کچێکی گەنجی ٢٢ ساڵەیان کوشت. هەمومان ڕوداوە دڵتەزێنەکەی "ژینا ئەمینی"مان بینی. "ژینا "ی جوانەمەرگ ئەو پۆشاکەی لەبەردا بوو کە ئیسلامیەکان بە زۆر سەپاندویانە بەسەر کچان و ژنانی ئێراندا، بەڵام لەبەرئەوەی کە حیجابەکەی جوان نەکردبوو کەمێک قژی بەدەرەوە بوو، گرتیان و پاش چوار ڕۆژ بە مردویی ڕادەستی کەسوکاریان کردەوە. لەماوەی ئەم (٤٣) ساڵەی دەسەڵاتداریەتی "جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران"دا، ئەمە یەکەمین تاوانیان نیە، بەڵکو تەنها لەسەر پۆشینی پۆشاک، بەدەیان هەزار تاوانی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، بەناوی پارێزگاریکردن لە ژنان، بەڵام هەمومان دەبینین کە ئاخوندەکانی ئێران بەئاشکرا لەشفرۆشی بە کچان و ژنانەوە دەکەن. بەئاشکرا ڕاگەیاندن دەردەکەن و نرخ لەسەر کچان و ژنان دادەنێن و بە پیاوان دەڵێن " بە گوێرەی ئەوکاتەی کە دەتەوێت دەتوانیت لەگەڵ کچان و ژناندا بخەویت". ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕاگەیاندنەی ئاخوندەکانی ئێران بکەیت، کە ڕوداو بڵاوی کردوەتە ئەوکاتە دەزانیت کە لە لایەن ئەم ئیسلامیانەوە چەند سوکایەتی بەژنان دەکرێت.

لە ڕاگەیەنراوێکدا کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووەوە ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبۆتەوە، لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگهێشت بۆ "سیغەکردن" دەکرێت و بڕی تێچوون بەپێی کاتی دیاریکراویش خراوەتەڕوو.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: "بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئەو برایانەی کە لەماوەی زیارەتی ئیمامی هەشتەمدا لە ژنەکانیان دوورن، ناوەندی سیغەی کەم ماوەمان داناوە". ڕاگەیەنراوەکە بانگهێشتی کچانی (١٢ – ٣٥) ساڵ کردووە بۆ هاوکاریی، ماوەی گرێبەستەکە دوو ساڵەو لە ماوەی گرێبەستەکەدا هەر کەس دەبێ ٢٥ ڕۆژ لە خزمەتدا بێ. ماوەی سیغەکان لە (٥ کاژێرەوە بۆ ١٠ ڕۆژەو نرخەکانیان لە ٥٠ هەزار تمەنەوە تا ٣٠٠ هەزار تمەنە بەرزدەبێتەوە !"

ئەم ڕاگەیاندنەی ئاخوندەکانی ئێران نەک بەتەنها سوکایەتیکردنە بە ژنان ، بەڵکو سوکایەتیکردنە بە پیاوان و بە تەواوی کۆمەڵگاش. من دەمەوێت بپرسم ، ئایا ئەمە بازرگانیکردن نیە بەژنانەوە؟ ئایا ئەمە جۆرێک نیە لە لەشفرۆشی، کە ئاخوندەکانی ئێران دەیکەن بە ژنانەوە؟ ئایا بەڕاستی ئەم کارەی ئاخوندەکان کارێکی ئەخلاقیەو دەرکەوتنی تاڵە قژێک بێئەخلاقیە؟ ئایا ئەم ئاخوندانە ئەوەندە خەمخۆری کچان و ژنانن!؟ ئەگەر سەیرێکی ڕاگەیاندنەکەی ئەم کۆنەپەرستانە بکەین دەبینین کچانی ١٢ ساڵی تێدایە. ئاخر لەکوێی دونیادا هەبوە لەشفرۆشی بەکچی ١٢ ساڵیەوە بکرێت. ئایا دەزانیت لەو دەوڵەتانەی کە دین لە دەوڵەت جیا کراوەتەوەو بە دەوڵەتی عیلمانی دەناسرێن و ئیسلامیەکان بە بێڕەوشت باسیان دەکەن ، ئەگەر کچێک تەمەنی لە خوار ١٥ ساڵەوە بێت و کەسێکی سەرو ١٨ ساڵ ئەگەر بەڕەزامەندی کچەکەش، سێکسی لەگەڵ بکات، بە تاوان هەژماردەکرێت؟ بەهەمانشێوە بۆ پیاویش وایە کە ژنێکی سەرو ١٨ ساڵ لەگەڵ کوڕێکی خوار ١٥ ساڵ بەڕەزامەندی خۆشی، سێکس بکات، تاوانە؟ بەڵام ئیسلامی سیاسی بێجگە لەوەی کە بەڕەوای دەبینێت کچێکی ٩ساڵ هاوسەرگیری بکات، لەشفرۆشیش بە کچانی ١٢ ساڵەوە دەکات.

ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانەی حزبە ئیسلامیەکان ، ئەوە نەبێت تەنها پیشەی ئاخوندەکانی ئێران بێت، ئەگەر واز لە مێژوش بێنین کە خەلیفەکان و مەلا و ئاخوندەکان چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژنان کردوە، بەس تەنها سەیرێکی ئەم چەند ساڵەی دوایی بکەین دەبینین لەهەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتی هەبێت، بوەتە هۆی دەردی سەری بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی بۆ ژنان. هەمومان دەبینین کە ژیانی خەڵکی و بەتایبەتی ژنان لەئەفغانستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕەشی تاڵیباندا چۆنە! هەموو بینیمان داعش چۆن کڕین و فرۆشتنی بەژنانەوە دەکرد، بەتایبەتی بە یەزیدیەکانەوە. هەموو بینیمان کە بۆ ماوەیەک ئیسلامیەکان دەسەڵاتدار بوون لەناوچەی هەورامان و هەڵەبجە، چۆن ئەو ناوچەیان کرد بە دۆزەخ بۆ دانیشتوانەکەی. بۆیە لەهەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی تیایدا باڵا دەست بێت، ژیان لە خەڵکی بەگشتی و لە ژنان بەتایبەتی دەکەن بە دۆزەخ .

هەمیشە سەرانی ئەم حزبانە بۆ دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزوە سێکسیەکانیان بە فرەژنی و ڕیزکردنی سێ چوار ژنەوە ناوەستن و جۆرەها زەواجیان داهێناوە، وەک زەواجی (میسیار، موتعە، عورفی، مارەبەجاش، هەڵخەڵەتاندنی کچان کە خۆیان ببەخشن بۆ مجاهیدەکان وەک ئەوەی داعش) بەم جۆرە حزبە ئیسلامیەکان بەناوی پاراستنی ژنانەوە دەستدرێژی دەکەنە سەریان و کەرامەتیان لەژێر پێ دەنێن. ئایا بەڕاستی ئەمجۆرە زەواجانە لەشفرۆشیەکی ڕەسمی ئیسلامی سیاسی نیە!؟

٢٤ی ئەیلولی ٢٠٢٢

# نابێ ڕێگابدەین ئەم هێرش و پەلامارەی کۆنەپەرستان بێوەڵام تێپەڕێت!

ماوەیەکە هێرش و پەلاماری سەلەفیەکان بۆ سەر ژنان و ماف و ئازادیە مەدەنیەکانیان بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی، ڕووی لەسەر کردووە و لەکەناریشەوە ڕەوتە ئیسلامیەکانیش سیاسەتی حجابکردنی ژنانیان لە ژێر ناوی "تاجی زێرین" و پێشبرکێی "بەهای فەرمودە" وە، بەدەستەوە گرتووە تا ڕەمز و نەریتەکانی ئیسلامی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکەن.

ئەم هێرش و پەلاماردانە هاوبەشەی سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان لە پێگای بانگخواز و مەلاکان و کادرە ورد و درشتەکانیان و میدیاکانیانەوە بۆ سەر ژنان بە ئاستێک گەیشتووە، کە بەجیا لەدووبارە کردنەوەی پەیامە دواکەوتو و بەسەرچووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لە چەشنی شەرعیەتدان بە زەواجی کچانی نابالغ، فرەژنی، و پیرۆزکردنی پیاوسالاری و زاڵکردنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا□، کە لە هەموو گۆشەیەکی شارستانی ئەم دنیایەدا جێگای نەفرەتە و لەلایەن خەڵکی مەدەنی و ئازادیخوازانەوە ڕەتکراونەتەوە، پەلی کێشاوە بۆ هێرشکردنە سەر مافی چوونە دەرەوەی ژنان و بوون بە کارمەند و خوێندکاری زانکۆ و بەشدارییان لە قەڵەمڕەوی ئابوری و بەرهەمهێناندا و لەقەڵەم دانی هەموو ئەم مافە سەرەتایی و مەدەنیانەی ژنان بەکارێکی ناشەرعی و گوناح و دەرچوون لە بەها کۆمەڵایەتیەکان. ئەوان دەڵێن "کچەکانتان مەنێرن بۆ زانکۆ بە سەلامەتی لێی دەرناچن"، دەڵێن "خەتەنەی کچان بۆ بەرگرییە لە فەساد"□ ئەمانە نەک هەر تەنها پالامارداننێکی کۆنەپەرستانە و پیاوسالارانەیە بۆ سەر ژنان و کەسایەتییان، بەڵکو هێرشێکی ئاشکرایە بۆ سەر مەدەنیەتی کۆمەڵگە و دەزگا مەدەنیەکانی، لەوانە زانکۆکان، نەخۆشخانەکان، بەڕێوەبەرایەتیەکان و هەر دامەزراوەیەکی زانستی و هونەری. بەجیا لەمانەش دەستێوەردان لە ورد و درشتی ژیانی فەردی و کۆمەڵایەتی ژنان، لەوانە سوار بوونی تەکسی، خۆئارایشتکردن، منداڵ بوون و جل و بەرگ پۆشین و چۆنیەتی دانیشتن و خواردن تا دەگاتە هێرش بۆ سەر ئەو ژنانەی حجاب ناکەن و مل بە ویست و زۆری بەها ئیسلامیەکانی ئەوان نادەن. لەپاڵ ئەو سوکایەتی و بێڕیزیە بەردەوامەی ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی کە بە ژیانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانی دەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە. لەکەناریشەوە دەستیانداوەتە بانگەشەکردن بۆ زەواجی میسار و موتعە، کە لەشفرۆشیەکی ئاشکرای ئیسلامی و بێڕێزییەکی بێ وێنەیە بە کەسایەتی ئینسانیی ژن.. هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە بێکاری و هەژاری و نەبوونی خەمەتگوزاری و بێدەرەتانیەک کە یەخەی بە زۆرینەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشان گرتووە، هەناسە هەڵکێشانی ئازادانە و مافی تاکی لەسەر سینەی مەدەنیەتی کۆمەڵگا و ژنان سەختکردووە.

ئەم هێرشە سیستماتیکیەی سەلەفیەکان و ڕەوتەکانی ئیسلامیی سیاسی و هەوڵیان بۆ بڕەودان بە فتوا و بەدەستەوە گرتنی نەریت و ئایات و حەدیس و وەستانەوەیان بەڕووی ژنان و مافەکانیان، پەیوەندی بەهێز و توانای ئەوانەوە نییە. بەڵکو لەلایەک نیشانەی ترسە لە مەدەنیەتی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕوهێنانی فراوانی ژنانە بۆ مەیدانی کار و خوێندن و دەرکەوتنیانە لە زەمینەکانی سیاسەت و ئابوری و ئەدەب و هونەر و وەرزش و جوانکاری و تێکەڵاوبوونیانە لەگەڵ دنیای سەردەم. لەلایەکی تریشەوە ترس و ڕقبوونەوەیانە لە بەشداری و دەرکەوتنی ژنان لەجوڵانەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی چەند ساڵی رابردوودا کە تائێستاش ڕۆژانە بۆ خواستی ئازادی و بەدەستهێنانی کار و پیشە و خزمەتگوزاریەکان یەخەی دەسەڵاتی گرتووە و دەیگرێ. بەشداری ژنانی گەڕەکەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە، بۆ بەدەستهێنانی ئاو و کارەبا، بەشداریان لەدژی زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانی بادینان، بەشداری ژنان لە نارەزایەتیەکانی خویندکاران و کارمەندانی زانکۆ و مامۆستایانی وانەبێژ و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و فەرمانبەرانی گرێبەست، تا بەشداری ژنان لە نارەزایەتیەکانی پزیشک و سەرپەرشتیاری خۆبەش و چەندین نارەزایەتی تر، کە ئەمانە تەنها چەند گۆشەیەکی هاتنەمەیدان و بەشداری ژنانن لە مەسەلەکانی کۆمەڵگەدا.. ئەم ڕاستیەش زیاتر لە ئەحزابی دەسەڵاتدار، سەلەفیەکان و ئەحزابی ئیسلامی سیاسی هەراسان کردووە و تۆقاندووە، کە نەکا بۆ ئاستێک پەلبکێشی سیستەمی ئێستا کە سەرچاوەی لە ئیسلام و شەریعەتەکەی گرتووە لە بنەوە هەڵتەکێنێ.

بێگومان هۆکاری ئەوەی کە ئیسلامیەکان توانیویانە بەم ئاستە پەلراپکێش و هێرش بۆ سەر ژنان و مەدەنیەتی کۆمەڵگە و ماف و ئازادیە فەردیەکان بەرێبخەن، ئەو پشتگیریە سیاسی و مادی و هەمەلایەنە بێدرێغەیە کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، وەک بەشێک لە بنەماکانی سیاسەت و حوکمڕانیان پێشکەشیان کردووە. ئەحزاب و دەسەڵاتێک کەخۆی پشتبەستووە بە یاسا و ڕیسا

ئیسلامیەکان و تیکەڵاوکردنی لەگەڵ یاساکان و پرۆسەی خویندن و پەروەردە و کردنی ئیسلام بەسەرچاوەی بریار و دەستور و جێکردنەوەی رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردندا، پێویستیان بە ئیسلام و رەوتە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسیە، تا لەرێگایەوە پایەکانی دەسەڵات و سیستمەکەیان، لەسەر بنەمای جیاکاری و نایەکسانی رابگرن و بیکەنە چەکی دەستیان بۆ دابڕدابڕکردنی ریزی خەباتی یەکگرتوانەی جەماوەر و سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مەدەنیەتی کۆمەڵگە. بەتایبەتیش لە ئێستادا کە بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی لەگەڵ قەیران و بنبەستێکی خنکێنەر بەرەورووە و تادێت هەم توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لە دەستدەدات و چیتریش پروپاگەندەی کوردایەتی و نەتەوەچێتی ناتوانێ جەماوەری ناڕازی کوردستان دەستەمۆی دەسەڵات بکات، رێگای داوە بە سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان رۆڵی سەرکوتگەری و دژایەتیکردنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و خەڵکی کوردستان لەئەستۆ بگرن.

هێرشی رۆژانەی سەلەفی و ئیسلامیەکان بۆ سەر ژنان و مافەکانیان، هێرشە بۆ سەرجەم کۆمەڵگە و سیما مەدەنی و پێشکەوتنخوازییەکانی. بۆیە پێویستە بەرەی فراوان و ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، رێگە نەدەن چیتر ئەو مەلا و ئیسلامیانە فتوا و سوکایەتی و هێرش بکەنە سەر ژنان و مافەکانیان و کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان. ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دەبێ وەستانەوە دژ بەم هێرش و پەلامارەی ئیسلامیەکان بە بەشێک لە خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا بزانن و بەتەواوی تواناوە و بەشێوەی گونجاو لەبەرامبەریدا رابوەستنەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵات و هەڵوەساندنەوەی سەراپای سیستەمی ئێستا بە هەنگاوی یەکەم لەراستای بردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران دەزانێ، هاوکات تێدەکۆشێت بۆ جێگیرکردنی خواستەکانی جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات و یاسا و خوێندن و پەروەردە و ئازادی دینداری و بێدینی وەک مەرجێکی سەرەکی دەستکورتکردنەوەی ئاین بەسەر کۆمەڵگەدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان رادەگەیەنێت کە پاشەکشەکردن بە جموجۆڵ و هێرشی ئیسلامیەکان بۆ سەر ژنان و بەها ئینسانیەکانی کۆمەڵگە، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستا کە لە دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنی بۆرژوازی کورد لە مەیداندایە و هەموو توانای خۆی لە کەنار بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان دەخاتە گەڕ بۆ جڵەوکردنی ئیسلامیەکان و رەوتە سەلەفیەکان و ناچارکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ قاوغە بەرتەسکەکەی خۆیان و پارێزراوبوونی کۆمەڵگە لە چزووە ژەهر رێژەکانیان. ئێمە بانگەوازی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان دەکەین لەم خەباتەدا لەپاڵ ئێمەدا راوەستن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٠٢٢\٩\٢٠**

## مەهسا ئەمینی "ژینا" قوربانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و نەریتی کۆنەپەرستی ئیسلامیە!

لە بەرواری ١٦ ی سیبتەمبەر، مەهسا ئەمینی بە پاساوی جل و بەرگی نەشیاو، دەسەڵاتی ئاخوندەکان لەئێران دەستگیری دەکەن ودواتر لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئەشکەنجە دەدرێ وبەماوەیەکی کەم رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت و دواتر هەواڵی مەرگی رادەگەیەنرێت. گومان هەڵنەگرە کە هۆکاری مەرگی ناوادەی مەهسا ئەمینی و جلوبەرگ و پەیڕەونەکردنی نەریتی ئیسلامی و مل نەدانە بە یاسا جەنگەڵیەکانی دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی□ ئێمە لە کاتێکدا کەبەتوندی ئیدانەی سەندنەوەی ژیان لە مەهسا بەهۆی نەپۆشینی جل و بەرگی دڵخوازی ئیسلامی کە رەمزی کۆیلەتییە، دەکەین. هاوکات هاوخەمی خۆمان لەگەڵ خێزان و کەسوکار و هەموو ئینسانێکی خەم گرتوو بەم هەواڵە رادەگەیەنین.

هەر لێرەوە داوا لە بەرەی ئازادیخوازان و سەرجەم حزب و رێکخراوە ئینسانی و پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستان و ئێران، و سەراسەری دنیا دەکەین کەئەو کردەوە نائینسانی و دژە ژنە ئیدانە بکەن ولەکەنار هەر کاردانەوەیەکی شۆڕشگێرانەو پێشکەوتنخوازانە بۆ ریسواکردن ولەقادانی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لەئێران رابوەستن. بێگومان ڕزگاری ژنان وخەڵکی زەحمەتکیشی ئێران، لەو جەهەنەمەی کەکۆماری ئیسلامی هەڵیخستوە، بەبەتوندکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێرانە و یەکگرتوانەی جەماوەری ناڕازی بۆ کۆتاییهێنان بەم رژێمە نەگریسەوە گرێی خواردوە، تا دەستی کۆنەپەرستی وئینسان کوژی ولەسێدارەدانو زیندانی کردنی ئازادیخوازان لەسەر کۆمەڵگای ئێران هەڵگیرێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٦/٩/٢٠٢٢**

# بڕیارنامە :دۆخی سیاسی کوردستان و سەرخەتی سیاسەت و ئەرکەکانی حزب

چینی دەسەڵاتداری کوردستان، ناکامە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین داخوازیەکانی جەماوەری نارازی، هاوکات گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر هەرێم و گێژاوی پەیوەندیەکانیان، هەڵکشانی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە و پەرەگرتنی تیرۆر و نائارامی، بەرینبوونەوەی بێکاری و هەژاری و ڕوتاندنەوەی خەڵک و زۆربوونی تاوان و کەمی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بەردەوامی و درێژەکێشانی نارەزایەتی جەماوەری بۆ خواستەکانیان و سەرهەڵدانی ئەگەری گۆڕانکاری... سیما سەرەکیەکانی دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانن. ڕیشەی ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ:

١/ قوڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابوری و بێچارە مانەوەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکانی ئەو سیستەمەی کە سی ساڵە خۆی بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا داسەپاندووە. قەیران و سیستەمێک لە حوکمرانی، کە بەدیار بازاڕی جیهانی و یەکلابوونەوەی کێشمەکێشی هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و بارودۆخی عێراق و ململانێی ڕەوتە بۆرژوازیەکان ڕاوەستاوە و بەمجۆرەش کۆمەڵگەی کوردستانی لە گێژاوێکی سیاسی و بێدەرەتانییەکی ئابوریدا، ڕاگرتووە.

٢/ بۆرژوازی کورد، کە ستراتیژی تازەی خۆی بە گەڕانەوە بۆ بەغدا داناوە، لە هەوڵی جێخستنی هاوکێشەیەکی تازەدایە، لەگەڵ ڕەوتە بۆرژوازیەکانی عێراق، لەپەیوەند بە پێکهێنانی حکومەتێکی تازەوە، تا لەم ڕێگایەوە هەم بتوانێ کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکا و پێگەیەک بەدەست بهێنێ و هەم لەم ڕێگایەشەوە کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات. هەوڵێکی ئاواش بە حوکمی قەیرانی سیاسی لە عێراق و ئەو کێشمەکێشانەی کە ڕەوتە بۆرژوازیەکان بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات دەرگیری بوون، هاوکات بە حوکمی نفوزی ئەمریکا و ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەو گێژاوەی جیهانی داگرتووە، بنبەستە و لە بەرامبەر بە ڕووداوەکان و کێشمەکێشی نێوان باڵەکانی شیعە و پێکدادانە قەومی و تایفیەکاندا لە چاوەڕانیدا ماوەتەوە.

٣/ کاریگەری ئەم دۆخە لەناوخۆی کوردستاندا، بوەتە هۆی بەرفراوان بوونەوەی لێکترازانی ڕیزی حزبەکان و قوڵبونەوەی کێشەی نێوانیان لەسەر داهات و دەسەڵات، هاوکات مەیلی دەسەڵات بۆ دەستبردن بۆ سەرکوت و بزواندنی هێز و داسەپاندنی هەرچی زیاتری گوشاری ئابوری لەسەر هاوڵاتیانی کەمدەرامەت ڕووی لە هەڵکشان کردووە. بانگەوازی حزبەکانی دەسەڵات بۆ "یەکریزی کورد" و بانگەشەی چاکسازی، لە دوو توێی سیاسەتی گەڕانەوە و سازان لەگەڵ حکومەتی عێراق، ڕووی لەوەیە کە دەسەڵات هەلومەرجی مەوجود ڕابگرێ و کۆسپ بخاتە بەردەم پەرەسەندنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ ئاستی هەستانێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری.

٤/ لایەنێکی تری ئەم بارودۆخە، پرسی گۆڕانکاری لەبەردەم ڕەوت و هێزەکانی هەردوو چینی بۆرژوازی و کرێکارانی هێناوەتە پێشەوە. لە دیدی ئەحزابی بۆرژوازی دەسەڵاتدارەوە، گۆڕانکاری لەژێر ناوی چاکسازیکردن لە حکومەت و سیستمی ئێستادا، بەمانای دوورخستنەوەی مەترسیەکانە لەسەر هەرێم. بۆ ئەم مەبەستەس کۆکردنەوەی ئەحزابی بۆرژوازی لە ڕیزێکی یەکگرتوودا، سازان و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا و لابردنی گوشارە قانونی و سیاسیەکان، خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و سەرەنجام سازکردنی زەمینەکانی دەرچون لەو قەیرانە حکومەتی و ئابوریەی دەرگیری بووە.

٥/ بانگەشەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ "گۆڕانکاری"، لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی دەسەڵاتدا، کە مانای "ژیانەوەی ڕوحی نیشتمانی و نەتەوەیی"، "پایەدارکردنی پەرلەمان و دادگا و دامەزراوە حکومیەکان"، "بانگەواز بۆ چاکسازی ڕاستەقینە" و "قەبوڵکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا"، "داواکردنی سازدانی هەڵبژاردنێکی تر"...تاد، شتێک نییە جگە لە هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات و دوبارە داسەپاندنەوەی دەسەڵات و سیستمێک کە کۆمپانیاکان و هەردوو حزبی میلیشیایی تێیدا باڵادەستن. سیستمێک کە سی ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستانی لە گێژاوێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ڕاگرتووە. سیاسەتێکی ئاواش لە بنەڕەتەوە یەک مانای هەیە: بەلاڕێدابردنی نارەزایەتیەکانی جەماوەر و گیرۆدەکردنیانە بە خۆشخەیاڵی و سەرەنجام بۆ دەربازکردنی چینی بۆرژوازی کوردە لەو تەنگانە سیاسی و ئابوریەی کە تێیدا چەقیوە.

٥/ چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان، بەکردەوە بۆیان

دەرکەوتووە کە ئەم دەسەڵات و سیستەمە پێچەوانەیە بە خواست و ئارەزووەکانیان و چاکسازی هەڵناگرێ، هەر بۆیە خواستی وەلانانی ئەم دەسەڵات و سیستەمە، بۆتە خواستێکی گشتگیریان و لە نارەزایەتیەکانی ڕۆژانەیاندا، بەشێوەی جۆراو جۆر تەعبیری لێدەکەن. بە واقعیش ڕێگای بەدیهاتنی گۆڕانکاری ڕیشەیی و تەنانەت دەستبەربونی خواستەکانیان شتێکی تر نییە جگە لە هەڵوەشانەوەی دەسەڵات و سیستەمی ئێستا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لەوانە حوکمەت و پەرلەمان، دادگا و یاسا و هێزی چەکدار و سیستمێکی ئیداری.. ئەویش لەڕێگای جوڵانەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگێرانەوە کە بتوانێ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە ئیرادەی جەماوەری زەحمەتکێش بسپێرێ و سیستەم و نیزامێکی سیاسی جێگیر بکات کە ماف و خواستەکانی ئەوان دەستەبەر بکات.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە پێداگری دەکات لەسەر سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان چ بۆ باشتربونی ژیان و چ بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵات و سیستەمەی بۆرژوازی کورد، تێدەکۆشێت ئامادەییەکانی خەباتی جەماوەری تا ئاستی بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانە دابین بکات، کە بتوانێ ئەم خواستە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بەکردەوە دەربهێنێ و کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرێت. هاوکات لە ئێستادا ئەم هەنگاوانە دەخاتە دەستوری کاری خۆیەوە:**

١/ هەوڵدان بۆ دەرکەوتنی حزب لە قامەتی ئۆپۆزسیۆنێکی سەرەکی دەسەڵاتدا، وەک حزبێکی ڕەخنەگری چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و نوێنەری خواستی وەلانانی دەسەڵات لەئاستی کۆمەڵگەدا. هاوکات حزب هەوڵدەدات لە کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ئەحزابی بۆرژوازیدا، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە دەرکەوێ و ناوەڕۆکی دژی خەڵکی سیاسەت و پرۆژەکانیان بۆ"گۆڕانکاری" دەرخات و ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لەبەرامبەریاندا، بپارێزێ و بەرجەستەی بکاتەوە.

٢/ پەردەهەڵماڵین لەسەر ماهیەتی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی و ڕەوتی چاکسازی و هەموو ئەو لایەنانەی کە خۆیان وەک "ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی" لەبەرامبەر دەسەلاتدا دەردەخەن و دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەلاڕێدا ببەن و گیرۆدەی خۆشخەیاڵی بکەن. ئەم لایەنانە لەبنەرەتدا ئامانجیان پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستایە نەک زامنکردنی خواست و ئامانجەکانی خەڵک. بەتایبەتیش حزب هەوڵدەدات ناوەڕۆکی سیاسی و چینایەتی دژی خەڵکی ئەم لایەنانە لەسەر مەسەلەکانی کوردستان و ڕێگاچارەکانیان دەربخات.

٣/ حزب هەوڵدەدات نارەزایەتیەکانی ئێستا لەدەوری داخوازییە گشتی و سەراسەریەکان یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بکا، لەڕێگای لێکنزیکردنەوەی هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی بەشەکانی نارەزایەتی جەماوەریەوە، ڕابەریەکی سەراسەری شۆڕشگێڕ و یەکگرتوو دابین بکات و لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا ڕێکخراوی بکات.

٤/ حزب لەگەڵ ئەوەدا بەتوندی لە دژی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و دژ بەئازادیەکان و ڕوتاندنەوەی خەڵکی زەحمەتکێش دەوەستێتەوە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پەنای بۆ دەبرێ، هاوکات بۆ باشکردنی دۆخی ژیان و کاری کرێکاران و جەماوەری کەمدەرامەت و کەمکردنەوەی گوشارە ئابوریەکان، لەوانە سیاسەتی باجگیری، بێکاری، نەدانی موچە و کەمی خزمەتگوزاریەکان.. هەوڵدەدات نارەزایەتی جەماوەری بهێنێتە مەیدانەوە تا گەیشتن بە خواستەکانیان ڕابەری و ڕێنوینی بکات.

٥/ حزب لە ڕاستای پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی کوردستان لەدژی هەرجۆرە دەستدرێژیەکی دەوڵەتانی ناوچەکە و حکومەتی مەرکەزی بۆ سەر ئارامی هاوڵاتیانی کوردستان و لێبڕین لە بەشەخوراک و دەرمان و گەمارۆی ئابوری و بازرگانی لەسەر کوردستان ڕادەوەستێت.

٦/ هەوڵدان بۆ یەکگرتوکردن و هاوئاهەنگکردن و بەهێزکردنی مەیلی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی ناو بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و بەهێزکردنی پێگەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار بە مەبەستی گێڕانی ڕۆڵی ڕابەری کردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری. حزب هەوڵدەدات بۆ پێکهێنانی ئەوپەڕی ئینسجام و یەکگرتوویی کۆمۆنیستەکان و ڕەوتی ڕادیکاڵی نێو بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوکردنیان لە دەستە و کۆمیتە و کۆڕوکۆمەڵەکاندا لەناوەندەکانی کار و ژیانیان و لەئاست شارەکانی کوردستاندا.

٧/ لەبەرامبەر ڕوداوەکان و هەلومەرجی ئێستای عێراقدا، لەکەنار چینی کرێکار و نارەزایەتیەکانی جەماوەری زەحمەتکێشی شارەکانی ناوەڕاست و خوار و ڕادەوەستێ و هەوڵدەدات، بۆ پێکهێنانی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی لەنێوان ئەم نارەزایەتیانە و لێکگرێدانەوەیان بە نارەزایەتیەکانی شارەکانی کوردستانەوە لەیەک بزوتنەوەی چینایەتی و هاوچارەنوسدا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**کۆتایی ئابی ٢٠٢٢**

# ڕەشنوسی یاسای کاری حکومەتی هەرێم، بە یاساییکردنی بەتاڵانبردنی هێزی کار و ڕوتاندنەوەی کرێکارانە!

بەدوای سی ساڵ لە نەبوونی یاسای کارێک بۆ کرێکارانی کوردستان، ئەم ڕۆژانە حکومەتی هەرێم ڕەشنوسی یاسای کارێکی گەیاندە پەرلەمان و وەزیری کاریش لە یەکەم دەرکەوتنیدا، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم ڕەشنوسە "لە خزمەتی کرێکاراندایە و مافەکانی کرێکارانی دەستەبەرکردووە".

لەلایەکیتریشەوە، حزبەکانی نێو دەسەڵات و سەندیکاکانی سەر بەخۆیان، کەوتونەتە جوڵە و لە هەوڵی ئەوەدان لایەنەکان و فراکسۆنەکانی پەرلەمان لە پشتی کرێکاران و خواستەکانیانەوە ڕازی بکەن و ڕەشنوسەکە تێپەڕێنن. بەڵام ئەم ڕەشنوسە بەدوای دەورەیەک لە سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری و بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی لێگرتنەوە و هەژارکردنی کرێکاران و سیاسەتی هەڕاجکردنی "کەرتی گشتی" و باڵادەستکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەسەر هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکاراندا لەلایەن حکومەتەوە، بەبێ پرسوڕاکردن بە نوێنەرانی ڕاستەوخۆ و بەشەکانی کرێکاران لە ناوەندەکانی کاردا، ئامادەکراوە.

هاوکات ئەم ڕەشنوسە بەدوای هەڵوەشانەوەی دامەزراندنی مەرکەزی و پەسەندکردنی "یاسای وەبەرهێنان" دا دێت کە هەموو دەسەڵات و ئیمتیازاتێکی بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ خستنەبەرکاری کرێکاران بەخشیوە و هەروەها لانی کەمی کرێی مانگانەی "کرێکارانی ناکارامە"ی بە ٣٢٠ هەزار دیاریکردوە.. بۆیە ئەم ڕەشنوسە نەک هەر لانی کەمی ماف و ئازادیەکانی کرێکارانی لەبەرچاو نەگرتوە، بەڵکو سەراپا دژ بەکرێکارانە و دەیەوێت هێزی کاری کرێکاران بەتاڵان بەرێ و ڕوتاندنەوەی کرێکاران لەبەردەم کۆمپانیاکاندا بکاتە کارێکی یاسایی. ئەمەش نەک هەر باری ژیانی کرێکاران باشتر ناکات و ناتوانێ هیچ ئاستێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەنێوان کرێکاران و خاوەنکاردا دابین بکات، بەڵکو بە پەسەند کردنی ئەم ڕەشنوسەی یاسای کار، نەوە لەدوای نەوەی کرێکاران دەکاتە کۆیلەی خاوەنکار و کۆمپانیاکان، تا بەئارەزوی خۆیان هێزی کاریان بەتاڵان بەرێ و بیانڕوتێننەوە.

بەگشتی ئەم ڕەشنوسەی یاسای کاری حکومەت کە لە کۆمەڵێک بنەمای دژە کرێکاریی سەرچاوەی گرتووە، هەموو مادە و بەشەکانی ڕووی لەوەیە کە دەسەڵاتی کۆمپانیاکان بەسەر کرێکارانەوە، تا سەرئاستی چەوسانەوە و ڕوتاندنەوەی بێسنور و کۆیلەکردنی کرێکاران بە یاسایی بکات تا چاوچنۆکی و قازانجپەرستی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران بەوپەڕی ئاستی خۆی بگەیەنێت. بەتایبەتی کە:

١/ ئەوەی کە حکومەت لە پرۆژە یاساکەدا، خۆی وەک "ڕۆڵی نێوەندگیری" لەنێوان خاوەنکار و کۆمپانیاکان و کرێکاراندا، نیشانداوە، بەڵام مادده و برگەکانی یاساکە بە ڕۆشنی لایەنگری لە خاوەنکارو کۆمپانیاکان دەسەلمێنێ وهەوڵیداوە بە قازنجی چینی سەرمایداران هێزی کاری هەرزان و کرێکاری بێدەنگ بە یاسایی جێگیربکات. بەدڵنیاییەوە هیچ حکومەتێک ناتوانێ بێلایەن بێت، بەتایبەتی بۆ حکومەتێک کە دەسەڵاتی ئەحزابێک نوێنەرایەتی بکات کە هەرخۆیان خاوەنانی سەرەکی کۆمپانیاکانی نەوت و دەرمان و بازرگانی و پرۆژەکانی پیشەسازی و نیشتەجی بوون وخزمەتگوزاریەکان بن. حکومەتێکی ئاوا نەک هەر ناتوانێ چاودێرێکی بێلایەن و بەوێژدان بێت لەنێوان خاوەنکار و کرێکاراندا، بەڵکو بەقازانجی کۆکردنەوەی داهاتو بەتاڵان بردنی ڕەنجی کرێکاران، تائەوپەڕی خۆی ڕۆڵ دەگێڕێت. دەستبەسەرداگرتنی موچەی ناچیزی کرێکارانی ژینگەپارێز لەلایەن کۆمپانیاکانەوە و ڕۆڵێک کە شارەوانیەکانی حکومەت و وەزارەتی کار و سەندیکاکانی سەر بە حزبەکانی ناوحکومەت لەم کێشەیەدا لەخۆیان نیشانیدا ئەم ڕاستیەمان پێدەڵێت.

٢/ ئەوەی لەڕەشنوسەکەدا هاتووە کە ئەم یاسای کارە بۆ "بونیادنانی ئابوری نیشتمانی" و "ڕۆڵی پێشەنگانە لەپێشەوایەتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری بە کەرتی تایبەت دەسپێردرێت"، بەڕۆشنی دەریدەخات کە ڕەشنوسەکە لەسەر بنەمای زامنکردنی ئازادی و مافەکانی کرێکاران، دەستەبەرکردنی باشبژێوی وخۆشگوزەرانی، سەلامەتی گیانی، فرسەتی کافی بۆ حەوانەوە و تەندروستی بەدەنی کرێکاران نەنووسراوە. لەکاتێکدا هەر یاسایەکی کار وەختێک لە قازانجی کرێکارانە کە بە ستانداردێکی کۆمەڵایەتی ئاستێکی گونجاو لەگەڵ داهاتی سەرمایە و خاوەن کارەکان بۆ کرێکاران دەستەبەربکات، ئەگەرنا ئەو یاسای کارە بەتەواوی دژی کرێکارانە. دیاری کردنی ٤٢ سەعاتکار لەهەفتەیەکدا، ٣٢٠ هەزار موچەی مانگانە، حساب نەکردنی دەورانی بێکاری، کەمی ماوەی پشو و مۆڵەتی ساڵانە، نەبوونی زەمانەتی تەندروستی، فێرکردن، سەفەر و هاتوچۆ، مافی خانەنشینی.. ئەمانە بێمافیەکی گەورەی بەسەرکرێکارانەوە کردۆتە یاسا. کرێکاران لە یاسای کاردا بەشوێن ئازادی و مافەکانی خۆیان و باشکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیانەوەن نەک "بنیادنانی ئابوری نیشتمانی" ئەویش کە بە "ڕۆڵی پێشەنگانەی کەرتی تایبەت" سپێردرابێت.

٣/ ئەم ڕەشنوسی یاسای کارە، یەکلایەنە و بەبێ دەخاڵەت و حزوری ڕاستەوخۆی نوێنەرانی کرێکاری لە ناوەندەکاندا، لەلایەن حکومەت و سەندیکاکانی سەر بە حزبەکانی دەسەڵات و بە دەخاڵەتی ڕێکخراوی کاری جیهانی و کەسانێکەوە نووسراوە و ڕای کرێکارانی لەسەر نەبووە و نییە. تەنانەت ئەگەر ڕای کەسانێکیش کە لایەنگری لە کرێکاران دەکەن وەرگیرابێت و پێشنیارێکیان بۆ باشکردنی یاساکە هەبووبێت، بەهیچ جۆرێک حسابی بۆ نەکراوە و بەتەواوی لاخراوە. یاسایەکی ئاواش بەدڵنیاییەوە یاسای کارێکی سەرمایەدارانەیە و لە خزمەتی خاوەنکار وکۆمپانیاکان نووسراوە.

٤/ ئەم ڕەشنوسی یاسای کارە بە ڕۆشنی و ڕاشکاوانە، داننانێت بە ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوونی کرێکاران و کۆبوونەوە کرێکاریەکان لەناوەندی کاردا. بەڵکو وەک ئەوەی گەرەکیەتی کرێکاران بێدەنگ و سەرکوتکراو بەیاسایی بکات، مەسەلەی ئازادی ڕێکخراوبوون و کۆبوونەوەی کرێکاری قەدەغەدەکات و دەیخاتە گرەوی مۆڵەت وەرگرتنەوە لە خاوەنکارەکان. ئازادی "کاری سەندیکایی" ش کە لە ڕەشنوسەکەدا هاتووە، تەنها ئەو سەندیکا و دەزگایانە دەگرێتەوە کە سەر بە حزبەکانی ناو دەسەڵات خۆیەتی. ئەمە لەکاتێکدایە کە کرێکاران بۆ بەرگری لە ماف و خواستەکانیان تەنها چەکی مانگرتن و ڕێکخراوبون و کۆبوونەوەیان لەدەستدایە، کاتێک کە یاساکە ئەم مافە بەڕۆشنی ڕاناگەیەنێت، بە مانای ئەوە دێت کە کرێکاران تەنانەت مافی بەرگری کردنیان لەهەقی خۆشیان نییە.

٥/ ئەم ڕەشونوسی یاسای کارە، چینی کرێکاری کوردستان بەیەک پارچە سەیر ناکات و بەشەکانیان دابڕدابڕدەکات. بەتایبەتی کرێکارانی کەرتی حکومی لە دەرەوەی چینی کرێکار بە حساب هێناوە و بەشێوەیەکی زمنی بە یاسای ١٥١ی حکومەتی بەعس مامەڵە دەکات و کرێکارانی کەرتی حکومی کردۆتە فەرمانبەر. لەیەک وتەدا ئەم یاسای کارە تەنها کرێکارانی کەرتی تایبەت کە کار بۆ کۆمپانیاکان دەکەن لەبەرچاو دەگرێت و بە کرێکار حسابیان دەکات.

٦/ ئەم ڕەشنوسی یاسای کارە وەک ئەوەی کە زیاتر ڕووی لە کەرتی تایبەتە، بنەما سەرەکیەکەی پشتی بەستووە بە جێخستن و بەیاسایی کردنی کاری گرێبەست و کاتی، بەمەش زەمانەتی کار و کاری هەمیشەیی خستۆتە لاوە و لەلایەک مافی لەسەرکار دەرکردنی کرێکارانی داوە بە کۆمپانیاکان، کە هەر کاتێک گرێبەستەکان کۆتاییان پێبێت، بێکاریان بکات. لەلایەکی تریشەوە بێکاری دەکاتە شمشێرێکی بەردەوام بەسەر کرێکارانەوە. حاڵەتێکی ئاواش بەدڵنیاییەوە نەک هەر فرسەتی دامەزراندن لەبەردەم ئامادەبەکاراندا ناهێڵێتەوە، بگرە ئەوان دەخاتە بەردەم کاری کاتی و خۆبەخش و ڕۆژانەوە.

٧/ یەکێک لە بنەماکانی ئەم ڕەشنوسی یاسای کارە، شەرعیەت دانە بە کاری منداڵان و نێوجەوانان. بەتایبەتی ڕەشنوسەکە بە ڕۆشنی و ڕاشکاوانە ناڵێت کاری منداڵان قەدەغەیە و هەرجۆرە کارپێکردنێکیان سزای یاسایی لەسەرە، بەڵکو باس لە "نەهێشتنی کاری منداڵان" دەکات، هاوکات بە ماددەیەکیش ١٥ ساڵی تەمەنی دیاریکردوە بۆ کاری نێوجەوانان. ئەمە بە یاسایی کردن و ڕەسمیەت دانە بە دۆخی ئێستا کە منداڵانی ڕاپێچی کاری ناچاری کردووە. هاوکات نەوجەوانانی ١٥ ساڵ لە خوێندن و سەرگەرمی دەردێنێ و دەیناخاتە بەر کارەوە تا حکومەت خۆی لە بەرپرسیاری خەرجی پەروەردە و خوێندنی منداڵان و نەوجەوانان بدزێتەوە و بیخاتەوە سەر شانی خێزانەکانیان.

٨/ لە کۆتاییدا ئەم ڕەشنوسی یاسای کارەی حکومەتی هەرێم، هاوشێوەی یاساکانی حکومەتی بەعس هەموو ئەو بێمافی و ڕوتاندنەوەیەی کە لە ماددە و بڕگەکانیدا خۆی هەڵگرتوە هەتاهەتایی دەکات، یالانی کەم حوکمی ٢٠ ساڵ و ٣٠ ساڵ و زیاتری پێبەخشیوە و مەعلوم نییە کەی و کێ دەتوانێت هەمواری بکاتەوە. بە تایبەتی کە لە ڕەشنوسی یاساکەدا هیچ ماددە و بڕگەیەکی تێدا نییە کە کرێکاران بتوانن (بۆ نمونە هەر چوار ساڵ جارێک) داوای گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی بکەن.

٩/..

ئێمە لە کۆمسیۆنی کاروباری کرێکاریی سەرەڕای ئەوەی کە ڕەخنە و سەرنجی وردترمان لەسەر بەشێکی زۆر ماددە و بەشەکانی ئەم ڕەشنوسەی یاسای کار هەیە کە حکومەت خستویەتیە بەردەم پەرلەمان، بەڵام بەپێی ئەو بنەما گشتیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، پێمان وایە ڕەشنوسێکە سەراپا دژی کرێکارانە و تەنانەت کەمترین ئاست لە خواستەکانی کرێکارانی کوردستان و زامنکردنی هەلومەرجێکی گونجاو و ئینسانی کە لەگەڵ دۆخی کار و ژیانی ئەواندا بێتەوە لەبەرچاو نەگرتووە و ناتوانێت هیچ ئاستێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەنێوان کرێکاران و خاوەنکارەکاندا دەستەبەربکات. هاوکات بانگەوازی کرێکارانی کوردستان و لایەنگرانی بزووتنەوەی کرێکاریی دەکەین کە ڕێگا نەدەن ئەم تالانچێتی وراوڕوتەی کۆمپانیاکان و سەرمایەدارن و حکومەتەکەیان، بکرێتە یاسا و ژیانی ئەمڕۆ و سبەینێی نەوەکانیانی پێ لە قاڵب بدەن. بەڵکو دەبێ بە هێنانەمەیدانی ڕیزی یەکگرتوانەی کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئامادەبەکار فشارەکان لەسەر حکومەت و پەرلەمان توند بکەینەوە و ئەم پرۆژەیە پەک بخەین.

**کۆمسیۆنی کاروباری کرێکاران**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

١٧/٩/٢٠٢٢